هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No:
Date: / /٢٠١٦

ژمارە: ٢/ ١٠٥٢٢
ڕێکەوت: ١١ / ٧ / ٢٠١٦ ی زاینی
٢٣ / ٤ / ٢٧١٦ ی کوردی

## ڕێنمایی ژمارە ( ٩)ی ساڵی (٢٠١٦)

## هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ – ٢٠١٧)

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە ئامانجی ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ مامۆستایانی میلاکی هەمیشەیی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی پێشکەشکردنیان بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ – ٢٠١٧)، بڕیارماندا بە هەموارکردنی (تەوەری یەکەم / برگەی ١. تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس / خاڵی أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، کە بە نوسراوی وەزارەت ژمارە (٨١٠٩/٢) لە (٢٠١٦/٥/٢٥) دەرچوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. تێکڕای نمرە ( معدل)ی بەکالۆریۆس:**

أ. تێکڕای نمرە (معدل)ی (٦٠%) یان لە چارەگی یەکەمی دەرچوانی خولی یەکەمی سەر بەشی زانستی بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس مەرجە بۆ پێشکەشکردن (جگە لە دەرچوانی کۆلیژەکانی پزیشکی، پزیشکی ددان و دەرمانسازی، کە ڕەچاوی تێکڕای نمرەیان بۆ ناکرێت)، بەڵام مامۆستایانی زانکۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن و پێشوتر نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بەرەو سەرەوەیان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان وەرگرتووە، لە یەکێك لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەی هەمیشەیی دامەزراون و، لە ئێستاشدا بەردەوامن لە وانەوتنەوە، ئەگەر هاتو تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمتر بێت، ئەوا مافی پێشکەشکردنیان بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر خاڵی دەبێت و، بە زیادبونی هەر نمرەیەك (١) یەك خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەی (٦٥%) شەست و پێنج بو، ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت)، ئەو خوازیارانەی تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆسیان کەمترە لە (٦٠%)، بەڵام لە چارەگی یەکەمی دەرچوانی خولی یەکەمی سەر بەشی زانستین، یاخود مامۆستایانی زانکۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن و پێشوتر نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بەرەو سەرەوەیان لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان وەرگرتووە، لە یەکێك لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی هەمیشەیی دامەزراون و، لە ئێستاشدا بەردەوامن لە وانەوتنەوە، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرن.

*ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری تواناسازی / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی / لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەراییەکان .
- دەرکردە خولاو .